# رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) هەرەشەی کارەبا بڕین، دەکات!!

## دکتور فایق محەمەد گوڵپی

لە لاپەرە یەکی ژمارە (4278) ی رۆژی 27-5-2007 رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا، بە مانشێتی (هەر ماڵێك 15 ئەمپێر زیاتر کارەبا بە کاربێنێت و بسووتێت، تا مانگێك بۆی چاك ناکرێتەوە) هەڕەشەیەکی توندی کارەبابڕین لە خەڵکی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەم جۆرە چاوسورکردنەوانە، لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بەرێوە ببرێت، شەرێکی دەروونیە و لە دژی جەماوەر بەرپا دەکرێت، ئەگەر دەسەڵاتی ملهوڕی باشوری کوردستان، یان لایەنێکی  دژبەری گەل راستەوخۆ بەم جۆرە هەرەشانە هەستێ، مرۆڤ زۆر حەیران نابێت و هێندە بیری لێناکاتەوە، بەڵام رۆژنامەیەك بچێتە ژێر باری گرانی ئەم جۆرە هەرەشانەوە، مایەی نیگەرانی و بیرلێکردنەوە و پرسیارکردنە. رۆژنامە بەشێکی هەستیاری میدیایە، میدیاش دەسەڵاتی چوارەمی کۆمەڵگایە و لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا وەستاوە و لە بەرژەوەندی گەلدا، بەرامبەر بە دەسەڵات شەڕ دەکات. گرنکترین ئەرکی میدیا، هوشیارکردنەوەی جەماوەرە بە ماف و ئەرکەکانی. بەڵام لەم هەواڵە هەڕەشەئامێزەدا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە چەندین شێوە لە بەرپرسیارێتی رۆژنامەگەری خۆی لایداوە، بە بەرژەوەندی دەسەڵات راستیەکانی ئاوەژوو کردوە، خۆی وەك میلیشیای حکومەت بە خەڵك ناساندووە، ترسی بڕینی کارەبای بڕاوی لە دڵی خەڵکدا چاندووە.

 ساڵانێکە رۆژنامە حزبیەکانی کوردستان، کاربۆ داتاشینی کۆمەڵێ چەمکی هەڵە دەکەن، هەوڵئەدەن ئەم چەمکە هەڵانە لە ناو هوشیاری تاك و کۆمەڵگای کوردیدا جێگیر بکەن و لە رێگەیانەوە دەسەڵاتی حزبی باشوری کوردستان، پێرۆز پیرو خەڕۆ بکەن. یەك لەو چەمکە هەڵانەی کە لە بەرژەوندی دەسەڵاتدایە و دژی بەرژەوەندی گەلە و رۆژنامەکان دایدەتاشن و لە هزری خەڵکدا جێگیری دەکەن ئەوەیە، کە وای نیشانبدەن گەل لە وڵاتی خۆیدا هیچ مافێکی نیە و حزب و حکومەت بە خێری خۆیان نان و ئاو و کارەبا و رێگەوبانیان لە ئاسمانەوە بۆ دەبارێنن، وە ئەگەر گەل عاقڵ نەبێت و گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانی حکومەتی حزب نەبێت، لەو مافانەش بێ بەشدەکرێت و لافاوەکەی نوحی بە سەردا دەبارێنێت. لەم هەواڵەی کوردستانی نوێدا، کارکردن و پەرەپێدانی ئەم جۆرە چەمکانە بە ئاشکرا دیارە.

هەر لە سەرەتای هەواڵەکەدا، کوردستانی نوێ دەنوسێ :( سەرچاوەیەکی ئاگادار بە کۆردستانی نوێ –ی راگەیاند)،، لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە، ئایا ئەو سەرچاوە ئاگادارە کێیە ؟ بەرێوەبەرایەتی کارەبایە؟ وەزیری کارەبایە ؟،سەرۆکی وەزیرانە یان کوردستانی نوێ خۆیەتی؟ لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرچاوەی بریارەکە نەزانراوە، بۆچی نەزانراوە؟ لەبەر ئەوەی ئەو بریارە یان راست نیە و کوردستانی نوێ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بلاوی کردۆتەوە، یان راستە و یاسایی نیە، خاوەن بریار لە بەرپرسیارێتی دەترسێت و کوردستانی نوێ دەکاتە مەڤاشی دەستی تا خۆی بە ئاگری بێ یاسایی نەسووتێت.

لە پەرەگرافی دووەمی هەواڵەکەدا وا هاتووە : (لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەت بۆ دابینکردنی  کارەبا

له مانگەکانی(6 7 8) بۆ ماوەی لانی کەم 20 سەعات لە رۆژێکدا). جەماوەری شارەکانی کوردستان و ستافی کوردستانی نوێ هەموو دەزانن کە موەلیدە ئەهلیەکان( تایبەتەکان) رۆژانە 8 هەشت سەعات کارەبا، ئەمپێرەی بە نۆ هەزار دینار بە ماڵەکان دەفرۆشن، بەلاّم کوردستانی نوێ لە هەواڵەکەیدا باسی ئەو هەشت سەعات کارەبایەی نەکردووە و دەیەوێت وا پیشانی رای گشتی کوردستانی و عراقی و جیهانی بدات کە هەرحکومەتی هەرێمە ئەو هەشت سەعات کارەبایەش بۆ خەڵك دابین دەکات. لە لایەکی ترەوە کوردستانی نوێ ئاماژەی بەو راستیە نەداوە کە لە مانگی شەشدا ئەبێت ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بۆ ئاودێری کێڵگەکانی ناوەراست و خوارووی عراق بەربدرێنەوە، لە ئەنجامی ئەو ئاو بەردانەوەشدا خەڵکی کوردستان بەم هاوینە چەند ئەمپێرێك کارەبای بۆ زیاد دەکرێت، کوردستانی نوێ ڕوونینەکردۆتەوە کە بریاری زیادکردنی کارەبا پێوەندی بە تەنگەوە هاتنی حکومەتی هەرێمەوە نیە بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵك، بەڵکو ئەو زیادکردنە پێوەندی بە بریاری حکومەتی ناوەندی عراقەوە هەیە کە دەبێت ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان لە وەرزی هاویندا بۆ ئاودێری کێڵگە کشتووکاڵیەکانی ناوەراست و خوارووی عراق بەربدرێتەوە. بەمەش کوردستانی نوێ دوو ناسنامەی تری نەگەتیڤی خۆی ئاشکرا دەکات، یەکەم لە باتی ئەوەی لە ملانێی بێ کارەبایی نێوان حکومەت و خەڵکدا لایەنگری خەڵك بکات، لایەنگری خۆی بۆ دەسەلاّت دووپات دەکاتەوە. دووەم شاردنەوەی راستی و چەواشەکردنی رای گشتیە، بەوەی کە لە باتی ئەوەی بنوسێت بۆ پابەندبوون بە رێکەوتنی نێوان حکومەتی ناوەندی عراق و حکومەتی هەرێمەوە، لەمانگی شەشەوە ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بۆ ئاودانی کێڵگە کشتووکاڵیەکانی ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عراق بەرئەدرێتەوە و کوردیش لە سەر وتەی پەندی پێشینان( شەرێك بێت خەیری ئێمەی تێدایە) بەم هاوینە چەند ئەمپێرێك کارەبا و کۆمەڵێك درۆی حزب و حکومەت، هەڕەشەی کوردستانی نوێ قازانج دەکات.

لە پەرەگرافی کۆتایی هەواڵەکەدا وا هاتووە : (ئەگەر هەر ماڵێك لە 15 ئەمپێر زیاتر کارەبا بە کاربهێنێت و لە ئەنجامدا کارەباکەی بسووتێت ،فەرمانگەکانی کارەبا وەك سزایەك لانی کەم دوو هەفتە هەتا مانگێك کارەبایان بۆ چاك ناکەنەوە).باشە ئەگەر حکومەتەکەمان باس لە یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکات، لافی خزمەتگوزاری هەمەجۆر بۆ خەڵك لێدەدات!! بە گوێرەی کام یاسایەی پەرلەمانی عراق و کوردستان؟بە کام پێوانە و نەرێتی کۆمەڵگای عەشایری و پێشمەرگایەتی،بە کام چەمکی کومەڵگای مەدەنی، بریاری ئەم سزایە وەرگیراوە؟ ئایا لە بەرنامەی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا برگەیەکی وا هەیە کە هەرکەسێك بە زانایی و بە نەزانی فیوزی کارەباکەی بستوتێت، بۆ ماوەی مانگێك فیوزەکەی بۆ دانانرێتەوە؟ئایا ئەو فیوز دانەنانەوەیە دەسەلاّتی سەرۆك وەزیرانە، یان جێگری سەرۆك وەزیران یان وەزیری کارەبایە ؟ یان پەرلەمانی کوردستان ئەم بریارە نوێیەی دەرکرووە؟ یان ئەم سزایە داهێنانێکی دەگمەنی ساڵی( 2007) ی کوردستانی نوێیە؟

ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرامبەر جەماوەری ستەمدیدەی گەلی کوردستان ، پشت بەو چەمکە کۆنەپەرستە

داخراوانه دەبەستێ، کە دەبێت گەل بەردەوام خزمەتکاری دەسەڵات بێت، لەبەر سزا قورسەکانی دەسەڵات گەل نەتوانێ سەرهەڵبڕێت و داوای مافی خۆی بکات، ئەم چەمکانەش بنەمای فەلسەفی و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی رژێمە تۆتالیتارەکانی جیهان بوو

تێبینی: ئەم بابەت رۆژی 5-31 نوسراوە، بۆ سایتی کوردستانپۆست و رۆژنامەی رۆژی وڵات نێردرا،لە سایتەکە بڵاونەکرایەوە لەبەر کێشەی هونەری سایتەکە، دوای دە رۆژ هەندێ گۆرانکاریم تێدا کرد و جارێکی تر بڵاوم کردەوە.

2006-6-11